مستەفا گەرمیانی هۆنراوە

# سەمای دەروون



بۆ ڕێزلێنان لە (مەهاباد قەرەداغی) هاوسەرم، وشە بە وشەی ئەم دیوانەی پێشکەشە.

...

## خۆشەویستی

بەتلێکی ژیان تێپەڕێ و..
ئازار زیاتر دڵی وێڵم دەشواتەوە
من تا دوێنێ بۆ ئازاری خەڵک دەگریام
کەچی ئەمڕۆ ئەویندارێت

kurdistannet.org کوردستان نێت

پێش ئەوەی گوڵچرۆی عەشقم بپشکوێنێ
تۆوی گریان لە ناخمدا دەوەشێنێ!
شیرینەکەم..
من ئێستاکە .. خەمی خۆم و خۆت و شاری گڕتێبەربووی
نێو پەژارەی ژانی عەشقێکی زۆر پیرۆز
لە نێو دڵما دەخولێتەوە
لە سبەینێی پرشنگداردا
دەبێ بە هەزاران مۆمێ داگیرساو و..
چەپکە نێرگزی نەورۆز و..
دەکرێ بەسەر هەموو ماڵێکی هەژاردا
...

١٩٨٠-٤-٣٠
کەرکووک

## وڵاتی عەشق

فەرهەنگێکی وشەی جوان و خۆشەویستیم
لە نێو دڵی پڕ ئازار و ژانی خۆمدا
کۆ کردەوە و.. هەر نەمتوانی شیعرێ پوختەت بۆ بنووسم
من دەزانم .. تۆ گۆرانی خۆش دەچڕی و
تاڵ تاڵ کەزی خۆت دەکەیتە تاڵەکانی کەمانچەیەک
تا ئاوازی ناخی پڕ خەمت بژەنێ
من دەزانم.. تۆ دەتەوێ چاوەکانت،
بکەیتە دوو فیشەکی سوور..
بۆ برنەو و .. دەمانچەیەک
کە لە دەستی پێشمەرگەیە.. لە سەنگەردا

بە بێ فیشەک مابێتەوە
لەو کاتەشدا بۆسەی مەرگی.. بۆ داگیرکەر نابێتەوە
بەڵام ئاخر،
تۆی دیلی دەست.. عەشقی وڵات
لە زیندانێکی تاریکدا
لە کوێ دەستت دەگاتە دەست هەوڵ و خەبات.

...
١٩٨٠-٥-١٣
کەرکووک

## ماچی ئاسمان

چاوم پەپولەی سەر گوڵی شەنگی عەشقی پیرۆزتە
دڵم گەردانەی گەردنی نەرم و دڵی پڕ سۆزتە
ئاخر .. نازداری خوای عەشق و جوانی
دەمیش تامەزرۆی ماچێکی گەرمی گۆناو نێو دەمتە
دەستیش ئالوودەی گوشینی هەردوو شەمامەی مەمتە
ڕەنگە تۆش وەک من
تامەزرۆی ماچی نەرم و نیان بیت
بەڵام بڵێم چی.. من لەسەر زەوی و.. تۆ لە ئاسمان بی!

...
١٩٨٠-٧-١٤
کەرکووک

## کاروانی عەشقی پیرۆز

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

نازانم بۆچی گەواڵە هەوری ئاسمانی دڵم
بەسەر رووی تۆدا هەر دادەبارێ و..
نابێت بە باران؟!
هەتا گوڵچرۆی ئەم عەشقە پاکەم
چەپکە گوڵ بگرێ بۆ سوخمەی ئاڵی ناسک و نازداران
خۆ من پێم خۆشە.. شەوانی زستان
جەستەم بنێمە بەردەم زریان و
شەستەبارانی عەشقی شیرینت!!
ڕۆژانی بەهار..
عەشقم بدەمە بەردەم هەتاو و.. تیشکی زێڕینت
بەڵام نە شەوی زستان زریانە
نە ڕۆژی بەهار هەتاوە.. گیانە!!
...
گۆنای ئاڵی شیعرەکانتم یەک یەک ماچ کرد
چونکە وتت:
(با هەموو جیهان بزانێ
من تۆم وەکو پەلکە زێڕینەی بەهار و،
ئەستێرەی بەیان خۆش دەوێ)
منیش ڕێبوارێکی ماندووی
ڕێگەی دووری خۆشەویستیم
لە سێبەری عەشقی تۆدا نەبێ.. هەرگیز
نە ماندوویێتیم دەبڕێتەوە
نە دەروازەی ئەوینیشم.. بۆ هیچ کیژێک دەکرێتەوە!
شیرینەکەم..
من دەمەوێ بێستوونێکی نوێ بۆ باڵای تۆ بتاشم
گوڵی سووری عەشقی روونتی تیا بچێنم

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ئەمجارەیان.. نەک عەشقی تۆ و..
نەک عەشقی خۆم
ڕووخساری تاڵ و پڕ قینی فەرهادکوژەی تیا ونکەم و..
هەرچی بەکر مەرگەوەڕی دنیاش هەیە
بە تاڵێکی پرچی ڕەشت بخنکێنم!
...
گەر دەتەوێ پەڵە هەوری ئەم ئاسمانە نەهێڵیت و..
نەرمە باران بەسەر کەژی دڵی وشکم داباریێنی
گەر دەتەوێ..
فەرهاد ئاسا ڕۆحم باڵاگەردانت بێ و..
هەموو ساتێ بسووتێم بۆت
تا هەتایە خۆشەویستیم دەرنەهێنێ لە دڵی خۆت!
دەستت بێنە!
وا کاروانی عەشقی پیرۆز بە جێی هێشتین
سەرکاروانی خۆشەویستی باسی عەشقبازیت دەکات
چونکە ئەویش دەزانێ تۆ
ئاگر ی سووری ئەوینداران دەگریتە دەست
هەڵی دەگری و
ڕێ بەرنادەی
تا دەبیتە پێشەنگی کاروانی عەشق و..
لە دڵی گەشی شاعیرێکدا
دەبیتە جوانترین هەڵبەست!

ئەیلوولی ١٩٨٠، کەرکووک

## چوار وەرزی خۆشەویستی

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

پێش ئەوەی کە خۆشم بوێی
چوار وەرزی ساڵ
بەهار.. هاوین.. پاییز.. زستان
وەک یەک لە لام تفت و تاڵ بوون!
ئاسۆی بیرم.. ئاسمانێکی بێ ئەستێرە و..
بێ هەتاو بوو
دڵم چاوگەی تێڕوانینی باڵای بەرزی
گشت کیژێکی شۆخ و شەنگ و..
تەنها شەیدای جوانی و ناو بوو..!!
...

**بەهار**

لە وەرزێکدا خۆشم ویستی
هەرچی داری بەرز و شەنگی دارستانی ئەم خاکەیە
چرۆی عەشقی تۆ و نەورۆزیان دەرهێنابوو
سەدان هەزار گەڵای سەوزی پڕ ئاواتیان
بۆ چاوی تۆ.. گرتبووە خۆ!
لە وەرزێکدا خۆشم ویستی
کوێستان.. گەرمیان.. زەوی.. ئاسمان
زەماوەندیان بۆ بوکێنی نەورۆز دەکرد
پەڵەهەوری دووندی چیا..
بەستەڵەکی زستانی سەخت
هەر بۆ ئەوەی گوڵی هیوات سەردەربێنێ
لە ژێر پرشنگی هەتاودا.. سەمای مەرگیان پیرۆز دەکرد!
لە وەرزێکدا خۆشم ویستی..
چیا و.. کەژ و.. کانیاوەکان
بۆ ئەمەکداری تۆی شیرین

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

دەستیان نابوو لە گەردنی یەکدی.. گوڵم،
بۆ عەشقی خاوێنی ئێمە
هاتبوونە گەرمەسەما و.. جوان هەڵپەڕین!
ئاگری نەورۆزی لووتکەش
سەرچۆپی گرتبووە دەست و..
خۆی دابووە دەم قا قای خەندە و پێکەنین!

بەلاَم ..
ئەی پەری دڵی غەریبم
لە ناکاو دەستی ئەهرەمەن هات و
لە گەرمەی خەندە و خۆشەویستیدا لێکی دابڕین
هەتاکو دڵی ناسک و گەرمت
لە ئاگردانی دووری عەشقمدا بکەن بە برین
بەلاَم گیانە!
نەیانزانی.. عەشقی ئێمە زۆر خاوێنە و..
قەت بە دووری دوایی نایە و..
زیاتر گڕ و تین دەستێنێ
تا بەهاری خۆشەویستی و..
پێکگەیشتن بە دەست دێنێ!!
...

## هاوین

یەکەم وەرزی خۆشەویستی دڵم خەم بوو..
بەلاَم خەمی دڵم کەم بوو
ئاوا ئێستاش هەموو شەوێ
چاوی تیژم دەبڕمە قوولاَیی گشت ئەستێرەکان

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

دەڵێم بەشکو ئەستێرەی عەشقت بەدی کەم
بەڵام کوانێ؟!
هەر تریفەی مانگی زیوین دەبینم و .. بەدیت ناکەم
هەر هەزاران ئەستێرەی شین دەبینم و.. بەدیت ناکەم!
بە ڕۆژ..
لەم گەرمەسێری گەرمیانە..
بۆ تۆی قەرەداغی دەگەڕێم
بە شەوانیش دڵی وێڵم دەبێتە کەوی کوێستان و
بە شوێن دڵی وێڵتا وێڵە
بۆ کوێ دەڕۆی شیرینەکەم؟!
زەوی پیرۆز..
ئاسمانی شین..
فرمێسکی گەش .. جێ مەهێڵە!
بەفری نووستووی لوتکەی چیا توایەوە..
کانیاوی چەمی سەوزی داوێنی باخ
ئامێزی بۆ والا کرد و..
بوون بە سەرچاوەی ڕووبارێ
کە هەر عەشقی تۆی غەریبێ لێ بباری!
بەڵام گیانە..
وا دوو وەرزی خۆشەویستی ئەم تەمەنە سەرشێتەی خۆم
بەجێ هێشت و .. جێت ناهێڵم!
هەتا وەرزی دروێنەی عەشقت دانەیەت..
من شێوەردی ئەمەکداری تۆ دەکێڵم!
...

***پاییز***

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

تەمەن کورت بێ.. شەو درێژ بێ
ئاسۆی بیرم لە قولآیی عەشقی ڕوونتا
گێژ و وێژ بێ..
لە بالآێ تۆ زیاتر هەرگێز ناپەرستم
چونکە کەسمی.. چونکە کەستم!
سەد هێندەی تر
گەردەلوولی ئەم پاییزە ڕووت و قووتە
گەلآێ سەوزی دار، زەرد هەلّگەڕێنێ
هەرگیز نا.. هەرگیز
ناتوانێ عەشقت لە دلّما دەرکا و..
بۆ چرکەیەکیش لێم بتتۆرێنێ!!
چونکە پاییز و دارستانی ڕووت
یادگارێ تالّیان پێکەوە ناوە..
بەلآم شیرین گیان..
یادگاری ئێمە .. شیرینە شیرین
من فەرهادێکم ئۆخژنی دلّم
بە دیدارێکی پاک و شیرینی تۆ نەبێ .. نایە
چونکە ئازیزم.. دلّم هەر تەنها عەشقی تۆی تیایە.
...

## زستان

شەوی درێژی زستانێکی
بێ ئەستێرەی گەش و سامالّم ژمارد و..
تۆ هەر نەهاتی،
ڕۆژی بێ ڕۆژی تەنیایی خۆم و
گریانم ژمارد..



کوردستان نێت www.kurdistannet.org

تۆ هەر نەهاتی!
(نیووە شەوێکی تەزیووی تشرین.. باران ئەباری و..
منیش بە بەستەی باران بارانە
بارانی ئەوین
دوا زەردەخەنەی شاری فرمێسکم هێنایە گرین)[1]
ئێستاش حەز دەکەم بارانی ئەوین
چەمی بەرینی دڵی پڕ سۆزم تێر بشواتەوە
بەڵکو مەمکۆڵەی ناسک و نەرمت .. ببێتە کەوێ گەردن پڕ خاڵ و..
لەسەر سینەمدا هەتا تێر دەبێ.. لێی بخواتەوە!!
...

شوباتی ١٩٨١
کەرکووک

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

## عاشق
## کە سووتا.. دەبێتە هەتاو

جگە لە من کێ وەکو مۆم
بۆت دەسووتێ و دەتوێتەوە؟!
جگە لە تۆ.. کێ وەکو خۆم..
کلاڵفەی ژان و ئازاری زامی بەسۆم
لە ناخیدا هەڵدەگرێت و..

[1] دێڕە شیعری ناو کەوانەکە هی سەلام مەحەمەد ی شاعیرە.

هەندێ جاریش
وەک گوڵبەهاری زێڕکەفتی بەرهەتاوی بێگەرد و روون
پەڕەکانی لێک دەدات و.. دەشنێتەوە؟!
ئازیزەکەم..
وا تێنەگەی.. کە من ئێستا
لەبەردەم زریانی کارەساتی ژینا
دەستەوئەژنۆ ڕاوەستاوم
چاک بزانە.. هەموو ساتێ
من خوای عەشق.. پەیامی تۆم بۆ دەنێرێ و.. دەیپەرستم!
چاک بزانە.. هەموو ساتێ من عاشقی.. مانگ و .. ئەستێرە و هەتاوم!
...
دایکێک هەتا منداڵێکی ساوای بە زۆر لە شییر دەبڕێتەوە
سەدان فێڵی ڕەنگاوڕەنگی بۆ ساز دەکا.. و
زەنگۆڵ زەنگۆڵ.. فرمێسکی گەش لە چاویدا دەسڕێتەوە!!
کە هێلانە چۆلەکەیەک تێک دەدەن و.. دەڕوخێنن
چۆلەکەکە لە عاتیفەی بێچووکانی
بێبەش دەبێ و..
یەک دوو زەرنەقوتەی خرپن
ڕۆحیان دەبێ بە شاباڵ و..
هەڵدەفڕن بۆ جیهانێ.. کە زۆرداری هەر تیا نییە،
هەڵدەفڕن بۆ وڵاتێ .. کە هەر گوڵزار و کانییە!
ئەی کە دڵدارێکی دڵپاک
دڵخوازەکەی دیل دەکەن و..
لە بەندیخانەی عەشقەوە.. دەیگوێزنەوە
بۆ زیندانێ تاریکتر و..
دەیدەنە بەر شەپۆلی ئازار و ناسۆر

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

چۆن پەنگری ئازار لە ناخی عاشقیا
کڵپە ناکا و..
داناگیرسێ و..
نابێت بە خۆر!؟!
...

## دەنگێ لە زیندانەوە

لە نێو جەرگەی خاکی عەشق و.. کوردستانا
لە بەهاری پڕ ئازار و
کسپە و..
خەوبینین و ژانا
کچە نەشمیلەیەکیان گرت
خستیانە نێو زیندانەوە
نایەنە بەر زەبری چەقۆ و.. درۆ و.. تفەنگ!!
هەتا زوو بۆیان بێتە دەنگ
قەف قەف کەزییە جوانەکەیان بۆ هەڵکێشا و..
ویستیان دڵێکی پڕ ڕق و کینەی بۆ بچێنن
ویستیان جلی شەرەفی بەرگری لەبەر داماڵن و..
جلی بێشەرمی لەبەر کەن!
ویستیان خەندە لەسەر لێوی تەڕی وشک کەن!
کەچی.. کچی قارەمان و
ئازا و.. شەرمن!
کچی بەهێزتر لە مردن!
لە بەندیخانەی ئازارا
لە ژێر ستەم و زۆرداری تاقمێکی ستەمکارا
ئەنگوستیلەی ئەمەکداری

عەشقی نەتەوە و خاکەکەی
نارد بە دیاری و
کردیە پەنجەی دڵدارەکەی!
...

١٩٨٠-٥-٧
کەرکووک

## ژووانگە

چاوەڕوانیت دڵی نامۆم کوون کوون دەکا و..
بە شادەماری خوێنمدا .. تێدەپەڕێ
سات لەدوای سات زیاتر حەزە تینووەکانم
لە چاوە پڕ عەشقەکانتا
عەشقی خاک و گوڵ و .. کانی
خۆیان دەکەن بە قوربانی
...
خۆزگە گیانە بە منداڵی لە ئامێزی گەڕەکێکدا
ئاوێزانی یەک بووینایە
ئەوسا منیش لە وڵاتی بەفر و چیا و
تاڤگە و جوانی
بووکەبەفرینەی ئەوینم بۆ دەکردی و ، بۆ دەهانی
بارانی شیعر
بۆ چاوەکانت دادەبارێنم
دەیکەم بە لافاو
بە نێو پانتایی شەقامی دڵتا دەیگوزەرێنم
...
زۆر حەزم دەکرد عەشقم بیبێتە گۆرانبێژ و

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ستranی شادی بۆ دڵت بڵێ
زۆرم حەز دەکرد
پەپوولەی ئەوین
ئەوینی ڕاستییم
هەڵفڕێ و بگات
بە شاری گوڵی پڕ خۆشەویستیم
تۆش ئەی هەتاوی عاشقی ڕاستی
دڵنیا بە لێم
خەمت دەکەمە توێشووی سەفەری ڕێگای دوورییم و..
لە بەندیخانەی ئازاریشدا بێت
ژوانگەی خۆمان بە جێدێنێن و..
ئەوێنی دڵم بۆ خزمەتت دێت!

...
١٩٨٠-٥-٧

## وەنەوشەجاڕ

لە باخچەیەکی ساوای پڕ عەشقدا
دەستێکی چڵکن.. خۆی خزاندە نێو گوڵەکانییەوە و
گوڵی وەنەوشەی پەڕ پەڕ هەڵوەران
هەتا گوڵچرۆی دەمی وەنەوشە نەگاتە ژووان
کەچی سبەینێی پڕ لە ڕووناکی
لەگەڵ کازیووەی دەمەبەهارا
وەنەوشەی عاشق
دیسان وەک جاران
سەری دەرهێنا لە نێو هەزاران وەنەوشەجاڕا!
...

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

١٩٨٠، کەرکووک

## نامەیەک لە کلاوڕۆژەی بەندیخانەوە

ئەوە ئەستێرەی چارەنووستە لە نێو ئاسمانا
بۆت دەجریوێنێ؟!
یان دڵی منە بۆتە ئەستێرە و..
دادەگێرسێت و.. دەکوژێتەوە
لە دواڕۆژێکی گەلێ ڕووناکدا ملوانکەی عەشقت دەهۆنێتەوە!
سکاڵای عەشقم بووە پەپوولەی خۆشەویستیت و..
هەڵفڕی بۆ لات
- سکاڵا لە کێ؟!
نەک لە خۆت گیانە.. لە ڕۆژگاری ڕەش
دوور بێ لە باڵات
دەزانم ئێستا لە نێو زیندانی عەشقی شارێکدا
دڵت تامەزرۆی پرچی هەتاوە و..
جار جار وەکو من بیر دەکەیتەوە
لەوەی کە خەندە بۆ منالانی ولاتێکی سەوز کۆ بکەیتەوە
دەزانم ئێستا خەونی پەمەییت پڕە لە ئاوات
حەز دەکەی ئەگەر لە خەونیشدا بێت
دەستی ئەوینم هەر بگاتە لات

بەلام هەتاو خان
منیش لە شاری نەورۆزی نوێدا
عاشقی پەلکەزێڕینە بوومە و..
پەلکە زێڕینەش

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

به تاڵه جوان و زیڕینه‌كانی ده‌مبه‌ستێته‌وه
بشمخنكێنێ هه‌رگیز ناتوانم وازی لێ بێنم
چونكه گوڵاڵه سووره‌ی ئاوات و
خه‌ونه‌كانی تۆی پێ ده‌نه‌خشێنم
ئه‌ی تۆ نازانی
دڵم كردۆته چرایه گه‌ش و..
له ژووری به‌ندیخانه‌ی تاریكدا
له جیاتی هه‌تاو بۆم داگیرساندووی؟!
ئه‌ی تۆ نازانی.. كاتێ مانگه‌شه‌و
ئاسمانی شارێ خه‌م به‌جێدێڵێ
یادگارێ خۆی و ئاسمان ناهێڵێ!؟
ئه‌ی تۆ نازانێ
كه‌وی كوێستانی وڵاتی ئێمه
هه‌رچه‌ند باڵه‌و باڵ له شه‌قه‌ی باڵ دا و..
له چیای سه‌ركه‌ش دوور كه‌وێته‌وه
كه‌و.. كه‌وی تاقگه و.. لووتكه‌ی هه‌ڵگورده و
هه‌ر بۆ دامێنێ ده‌گه‌ڕێته‌وه؟!
ئه‌ێ تۆ نازانی..
دڵم بووه‌ته دار گوڵه‌باخ و..
گشت ڕه‌گه‌كانی به نیو خوێنمدا بلاو بۆته‌وه
هه‌تا هه‌زاران گوڵی خوێن بگرێ و..
بیدات له به‌ڕۆكی خاك..
ئه‌وسا گوڵزاری ڕه‌نگینی ئێمه‌ش
كه‌وێ كوێستانی تێدا ده‌خوێنێ
له جیاتی خه‌زان
به‌هار و نه‌ورۆز

كوردستان نێت www.kurdistannet.org

سەر دەردەهێنێ!

...
١٩٨٠-٥-٢٨
کەرکووک

## سێدارەی چارەنووس دەبچڕێنم!

کچێ چاو مەست،
بە مندالّی پەتی چارەنووسیان بۆ بەست
ویستیان دوارِۆژێ بمرێنن!
شەوی تاریک بکەن بە گەردانەی ژینی و
لە گەردنی ناسک و نەرمی بئالّێنن
بەلاّم کاتێ کچی شەرمن
کچی بەهێزتر لە مردن
لە بەهاری تەمەنیدا خۆی ناسییەوە و..
بە رووبار و چیا و کانێ وگتەکەێ خۆیدا رووانی
پەتی چارەنووسی ژینی
لە گەردنی خۆی دەرهێنا و
خستییە گەردن نەریتێکی زۆر کۆنەوە
تا لە جیاتی چارەنووسی پرشنگدار و
ئاسۆی روونی تەمەنی خۆی
نەریتەکە بخنکێنێ و
بە خنکاویش نەمێنێ بۆی.

...
١٩٨٠-٤-٢
کەرکووک

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

# دڵم دەکەم بە مەنزڵگەت

لە دوورەوە خۆشمویستی.. شیرینەکەم
وا تێنەگەی کە دوورم لێت
چونکە گیانە.. ئەگەر ساتێ دڵی وێڵم
دوور بێ لە باڵای شیرینت
شێت دەبم شێت!
...
دڵم رووباری ئەوینە و..
هەموو شتێ جێ دەهێڵێ.. هەر تۆ نەبێ
بۆت دەگەڕێم..
گەرمیان .. کوێستان
چیا.. سارا
رووبار.. ئاسمان
بە شوێنتا دێم،
ئەگەر دەستم لە هیچ شوێنێ.. نەگەیشت پێت
وەکو جاران
لە گلێنەی چاوی خۆمدا بۆت دەگەڕێم!
وەکو جاران
تۆ دەبیتە سوورە ماسی و.
ناخی دڵم دەبێتە جێت.

...
٢٢-٨-١٩٨٠
کەرکووک

# شەوی ئەوین

ئەمشەو نانووم،
تا بەیانی گۆرانی خەم بۆ باڵای شەنگت دەچڕم
چونکە دڵی پڕ لە عەشقم،
کانگای خەمێ شیرینتە
جەستە و گیانم
شێت و شەیدای ئەوینتە
...
ئەمشەو نانووم.. تا بەیانی
گشت ئەستێرە دڵدارەکان دەژمێرم
زویر مەبە کە ئەستێرەی خۆشەویستی
تۆم لە یاد چێ
زوییر نابم گەر ئەستێرەی خۆشەویستی
خۆم لە یاد چێ
چونکە گوڵم
هەوری ڕەشی ئەم ئاسمانە
بەری ئەستێرەی ئەوینمانی گرتووە
ئەگینا.. کوا شیرینەکەم
نە دڵی ناسکی من و..
نە ئەوینی پڕ ئەمەکی تۆ مردووە؟!
...

## گەڕانەوە

حەوت ساڵ دووری و.. جودایی
چوار یەکی تەمەنی منە،

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

چواریەکێک کە ئەوەندەی هەموو تەمەن؛
دڵی بەستەزمانی نامۆی منی لە ئاگردانی خۆیدا سووتاندووە!
ئای کە ئازارم چێشتووە و..
ئای کە ماندووم!
هێشتاش تێکڕای ئازارەکانی تەمەنم
ناگاتە ژانی جودایی!!
ئاخ خ خ خ .. جودایی!
...
من لە دووری دوورەوە
لەو دیووی حەوتەمین سنوور
حەوتەمین تاراوگەوە
سنووری حەوت وڵاتی خەڵک
حەوت..
حەوت.. حەوت .. نیشتیمانی ئەوان و
تاراوگەی من!
بە دوای تۆ و..
لەتە نیشتیمانێکدا بە دوای خۆم و.. وڵاتۆچکەیەکدا دەگەڕێم!
...
ئەی کچە چاو ڕەشەکەی گەرمیانی قەرەداغ
وا لە حەوتەمین پاییزی دووریماندا
بۆ یەکەمین بەهاری خۆشەویستیمان دەگەڕێمەوە!
ئاخۆ ئێستاش.. زامەکانی چەندین ساڵەی جوداییمان
لە دەروونتا بێ قەتماغە و.. کولاوەیە؟!
ئاخۆ ئەوین لە تاراوگەشدا گوڵ دەگرێ؟!
...
ئەوسا زیندان و.. ئێستا تاراوگە!

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ئەوسا دیوار و.. ئێستا سنوور!
ئەوسا جودایی و..
ئێستاش جودایی
زیندان + تاراوگە ، یەکسانە بە جودایی.
دیوار + سنوور، یەکسانە بە جودایی.
جودایی و..
هەر جودایی!

...
١٩٨٩-٣-١٤

## خۆشەویستی
## و
## من
## و
## گۆرانییەکی تر

نیوەشەوە و..
خۆشەویستی دیسانەوە دەستەویەخەم دەبێتەوە!
پڕم.. سیخناخم.. تژیم لە غەریبی!
جێگەیەکم نەماوەتەوە بۆ ئازاری تر!
کازیوەیە و..
ئەستێرە ماڵئاوایی لە دیدەکانم کرد
خۆشەویستی ئەبەدییە.. ماڵئاوایی ناکات
خۆشەویستی زمانی ڕۆحمە و..
جەستەم دەدوێنێ!
- بۆ کوێ دەڕۆی ئەی عاشقە غەریبەکە،

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

بۆ وا بە کوڵ دەگریی؟!

- من بە تەنها بۆ خۆم ناگریم

دەگریم ، چونکە مۆتەکەی تەنیایی

خەونی هەمووەمانی تاساندووە

چونکە مرۆ لە یەک نامۆیە!

(سەرمایە).. سەری زەوی دەخوات

کوڕ و کیژانی ئەم شارە.. کە خەڵکی ئەم شارەن

بە نامۆییەوە دەڕواننە سیمای یەکتر و..

لە سەر شەقام و کۆڵانەکاندا

بە ناو گەڕەک و کارخانەکاندا

بە خێرایی ڕادەکەن و.. دەڵێن (بەیانی)!

گوایە کاتیان نییە بڵێن.. (بەیانیت باش)!

...

خۆشەویستم.. ژیان لێرە کارەساتە.. کارەسات!

لێرە.. وەکو ئێمەی ئەوێ

باسی گوڵەگەنم و .. باران ناکەن

هەیاران و مەیاران ناکەن

هەرگیز باسی هەژاران ناکەن

باسی ئەوینی کچە بێری و.. کوڕەشوان ناکەن!

دەگرییم.. بۆ مەرگی خۆشەویستی دەگریم

دیدەی دڵم..

پڕە لە ئەشک و.. عەشق و.. ئەشک

سەری خۆم لە هەگبەی نامۆییدا هەڵگرتووە و..

ناسۆر هاوسەرینمە!

گوێ لە ڕازی دەروونم دەگرێ

پرسە بۆ ئاوات و دووری و

کوردستان نێت www.kurdistannet.org

پرسە بۆ غەریبی دەگرێ!

...

فەرمان بوو.. فەرمان بوو
ئەو ڕۆژە .. سەرەتای زستان بوو
من وتم شارەکەم ماڵئاوا!
بە سەری پڕ ژان و بە دڵی بێ ژووان
من وتم یارەکەم ماڵئاوا!
ماڵئاوا!
هاوسێکان.. کەس و کار.. دایەگیان .. ماڵئاوا!
ماڵئاوا!
یادگارە زیندووەکان،
چیاکەی بەرماڵمان.. ماڵئاوا!

...

پێم وایە دێمەوە.. هاوسەرم.. دوور نییە!
دێمەوە دایە گیان.. دێمەوە!
نەمزانی غەریبی وا سەختە
نەمزانی ئاسمانی ەوینم ئەوەندە تاریک و
ئەستێرەی تەمەنم ئەوەندە بێ بەختە
نەمزانی ناسۆری جودایی دەروونم کوون دەکا
نەمزانی.. نەمزانی!
بمبوورە دایە گیان!
ئەو ڕۆژە فەرمان بوو،
ئەو ڕۆژە سەرەتای زستان بوو
سەرەتای گریان بوو
ناچار بووم بە کپی بگریەم.. بە کپی هاوار کەم..
ماڵئاوا!

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

...

١٩٨٩

## ساتێ کە گیان دەگریی
## جەستە دێتە کوڵ

هاوسەرم.. سەری خۆم ناوەتە بەر ڕەشەبای

ئەم ڕۆژگارە و

ئازاری ئەم دنیا چەواشەیەم لە کەللەی تەزیوما داناوە !

ناسۆر و ئازاری دووری تۆش سەرباری پەژارەمە

هەنیسکت پزیسکە و..

ئاگرم تێ بەر دەدات!

...

ئاخ سنوور.. داخ وڵات!

کەی دەگەم بە یارە.. بە شارە زێدەکەم

ئاخ هیوا.. داخ ئاوات

...

خانمەکەم.. دڵی من عاشقی عاشقە و.. نامرێ

چونکە تۆی تیای..

لە هەموو رووبەری دڵمدا..

تۆ هەیت و.. ماویت و.. دەمێنی!

خانمەکەم.. ئەورووپای سارد و سڕ

ئەورووپای پڕ لە پەپوولەی بێدڵ

ئەورووپای جوان و بێگیان!

بێگیان و جوان!

بۆ یادی تۆ دڵم دەکاتە ئاگردان!

...

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

هاوسەرم..
نامەوێ و.. نەمدەویست.. تەنیایی،
تەنیایی کارەساتە.. کارەسات!
تەنیایی ساڵەهای ساڵە
خەونە شیرینەکانم لێ دەکا بە کابووس
شەوگاری بێ تۆیی دڵم دەرزیئاژن دەکات
بەڵام.. بەڵام،
من ئێستا گەریدەیەکم
دەگەڕێم بە دوای خاڵی تەنیایی
دوایەمین خاڵی تەنیایی
تەنیایی!!
...

١٩٨٩

## چارەنووس

نیوەشەوێکی خامۆشە و.. خۆشەویستم،
وا خەریکم گڕ بەر دەدەم لەو ئازارەی
چەندین ساڵە لە دەروونما گێنگڵ دەدا
جگەرەیەک پێ دەکەم و..
دەڵێم بشێ ئەم دووکەڵە تاڵە
ژانەکانم کپ بکاتەوە؟!
کسپەیەک دێت و.. هەناوم ڕادەچڵەکێنێ
ئەستێرەیەک تۆ ئاسایی
خۆی دەکا بە ژوورەکەمدا
دڵەڕاوکێم کپ دەکات و.. ئۆخژنم دێ!

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

پەیامەکەتم دەداتێ
پەیام.. پەیام
دەریایەکی خۆشەویستی و.. پۆلێک ماسی
خانمە گەرمە قەرەداغییەکەم
خۆت وەرە .. تەنیایی دەمکوژێ!
وەرە لام.. دیسان ببەرەوە بە خوام!

حوزەیرانی ١٩٩٢

## ئەم عەشقەی تۆ شێتم دەکات!

نەخێر .. ئەمە دووری نییە گشت چرکەیەک
وا دەروونم دەوروژێنێ!
نەخێر.. ئەمە ئازار نییە وا فرمێسکم
وەک ئاونگی سەر چیمەنی وەرزێکی سەوز
پێ دەڕژێنێ!
ئەمە عەشقە.. عەشقی ڕووت، عەشقی پەتی!
عەشقی هاوسەریی!
ئەمە سەرەتای ئەوینە..
سەرەتای شێتییە،
سەرەتای خەون و.. ژیان!
ئەمە کۆتاییە.. کۆتایی خەمە سەوزەکان!
ئازارە سوورەکان
ناسۆرە ڕەشەکان
ئەمە بەزم و ڕەزمێکی عاشقانەی مێژووییە!
ئەمە منم کە ماچی تۆ دەچنمەوە؟!

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ئەی هاوسەرە خۆرەکەم!!!

...

حوزەیرانی ١٩٩٢
سوێد

## زیارەتی خواوەندەکان

ئەمشەو ، شەوی هەڵفڕینی عیسایە بۆ لای خودا و..
شەوی هەڵفڕینی دڵی منە .. بۆ هەوارگە دوورەکەی تۆ!
ئەو خودای خۆش دەویست و.. منیش تۆ!
خەڵک مۆم دادەگیرسێنن.. من چاوی خۆم!
ئەمشەو پیرۆزیی عیسا و..
پیرۆزی تۆ .. هاوتەریبن
تەنیایی من و.. تەنیایی تۆ جووتن!
...

## ئەفسانەی عەشقێکی ئەبەدی

من لە کۆتاییەکانەوە دەست بە سەرەتاکان دەکەم
لە چیاوە هاتووم و.. بۆ چیا دەگەڕێمەوە!
جێت دیڵم تاراوگە جێت دیڵم
دەتنێژم نامۆیی دەتنێژم
دێمەوە زێدەکەم دێمەوە
ئا گوڵم ئا.. دێمەوە!
...
ئەفسانەکان دەگێڕنەوە دەڵێن جارێک

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

پێش ئەوەی زەوی ببێتە نەفرەتگای ئادەم و حەوا
شەیتان بە گەرووی ماردا تێپەڕی!
هەتا بگات بە بەهەشتی بەرین!
هاوسەرم.. بەڵام
ساتێ خوای ئەوین
خرایە سکی بەندیخانەوە
فریشتەی دلم بە گەرووی ماری دەرگای دۆزەخدا
بۆی چووە ژووان!
هاوسەرم بیرتە..
بێگومان بیرتە
ژووانگەی ئێمە .. زیندان بوو زیندان!
ئیدی چۆن عەشقم کپ دەبێ تا هەم
هەتا نەبینە داستانی سەردەم!

١٩٨٩

...

**تۆ ئەو دلدارەی**
**عەرشی خاتووزین**
**دێنیتە لەرزین!**

ئەمشەویش .. وەک هەزاران شەوی تەنیایی
تا کازیوە چاوەڕێ بووم بێیت و..
کۆتایی بێنی بە تەنیایی و.. چاوەڕوانیم!
چاوە پەیامئاساکەت دەدرەوشایەوە!
ئەی پێغەمبەرەژنەکە!
ئەی یەکەم و دوا پەیامبەری من!

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

...

دەنگی من
دەنگی غەریبانە، غەریبان!
لە تاریکی شەوی چاوەڕوانیدا..
چاوەڕێی مانگ دەکەم
لە بولێڵی دەمەو نوێژی بەیاندا
من چاوەڕێی ئیلهام دەکەم
تا شیعرێکی چاوگەش.. قژ ڕەش
بۆ غەریبە بێ ئالاّکان
بکەم بە نیشتیمان!!

ئێوارەیە و..
شەپۆلەکان لە بێدەنگی دەریا یاخین!
هاژە.. گۆرانی من و دەریایە
من و دەریا.. کۆگای دەنگی غەریبانین.. دەنگی غەریبان!
(هەرکەسێ ئێژێ غەریبی خاسە
ئەویش لە جوملەی خودا نەناسە
غەریب غەریبە و، غەریب دیارە
غەریب ڕەنگ زەردە و لێوی وەبارە)!

...

تێبینی: دوو دێڕی ناو کەوانەکە لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە.

...

## ڕابوون

کە چوومەوە چیم بینی؟!
ئاسمانێکی لە دوکەڵ هەڵکێشراو

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ببوە چەترێکی کوون کوون.. بۆ بێ ماڵەکان!
زەوییەکی خۆڵەمێشی بووە فەرشێکی دڕاو
لە بن پێی کۆمەڵە کانیاوێکی تینووا!
شەوان .. قرمەژن
سەمفۆنیای زبری زاخاوی مێشک و دڵ و دەروون بوو!
دز پاسەوانی ماڵەکەمان بوو
گومان .. ترس.. گریان.. وانەی یەکەم بوو
بە منداڵانی باوکی خۆ نەدیوو دەوترایەوە!
شوێنەواری گوند..
داستانی بێهودەیی بۆ ئاوارەکانی دوای ڕاپەڕین دەگێڕایەوە!
ساراکان.. لە تاو ژانی مینەکاندا
سەرو دەست و قاچیان دەقرتان!
منداڵێک.. لە بڵندگۆی ئێستگەی ئەنفالەکانەوە
بە دوای دایکێک و باوکێک و  خوشکێک و برایەکدا دەگەڕا!
پیرەمێردێک.. بە شەلە شەل
بەرەو مەیدانی کاری بێکار
هەنگاوی لار و خواری دەنا
با.. بۆنی ژەهر و
ئاو.. تامی ژەنگ و،
ژین بۆنی سوتماک و
نان تامی کەڕووی دەدا!
شەقام .. کۆگای منداڵی بێ سەروەر بوو
کۆڵان.. تاراوگەی ژنی دەرۆزەکەر بوو
ماڵ کاول بوون
تالآن،
سووتان،

ڕووخان،

بەڵگەنەویستە بەڵگەدارەکانی کورد بوون!

بێزمانەکان هاتبوونە گۆ!

کێڵگە باسی سووتان و،

شار باسی خنکان و،

با .. باسی ژان و،

ژینگە باسی ژەهربارانی دەکرد!

لە ڕۆژژمێری پلانی داگیرکەران نووسرابوو:

شەممە: تۆپباران!!

یەکشەممە: بۆمباباران!!

دووشەممە: کیمیاباران!!!

سێشەممە: گوللەباران!

چوارشەممە: تالآن!

پێنجشەممە: گرتن، ئەشکەنجەدان، زیندان!

هەینی: تەعریب، تەفریس، تەتریک، دەرکردن، ڕاگوێزان!

(تێبینی: لە بەرنامەکەدا زۆری تر ماوە، بە داخەوە کات بەش ناکات، چونکە حەفتە تەنها حەوت ڕۆژە!)

هێشتا هەر ئەم مشتەم دیبوو لە خەرواری ئازاری کوردستانی لەتلەتم،

هاتمەوە!

تاراوگە!

ئاخ کوردستان.. داخ تاراوگە!

...

حوزەیرانی ١٩٩٢

...

# بارانی سوور

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

که خوێن له گەرمەی بەهاری سووردا،
دەبێت بە دەریا
هەور .. گەواڵ گەواڵ
له ئاسمانی نیشتیمانێکی وندا قەتیس دەبێ!
زمانی لاڵانەوە هاوارەکان هەڵدەفڕێنێ
بەرەو پاریس..
بەرەو لەندەن.. واشەنتۆن.. و نیویۆرک و
بارەگای وڵاتە یەکگرتووە ئێمە لەتکردووەکان
کۆشکی سپی و..
کۆشکی زەرد و، سوور و،
ئەنجوومەنی پیران و
ئەنجوومەنی گەنجان و منداڵان!
...
هاوارەکان خاکیین!
سکاڵاکان.. هەڵبجەیان لەسەر شانی هێرۆشیما و ناکازاکی هەڵگرتووە!
پرسیارەکان چڕن!
بەڵام،
کوا.. وەڵام؟!
...

تێبینی لەسەر ئەم دیوانە:

١- زۆربەی ئەو شیعرانەی کە ساڵەکانی ١٩٨٠ و ١٩٨١ نووسراون ، له گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکانی ئەوسا وەکو بەیان، هاوکاری و پاشکۆی عێراق بڵاوکراونەتەوە.

٢- دیوانی سەمای دەروون ساڵی ١٩٩٤ له سوێد/ ستۆکهۆڵم چاپکراوە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

www.kurdistannet.org